# گەنج لە نێوان کلتوری کتێبو کلتوری ئینتەرنێتدا

ئا. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە

قسەکردن لەسەر واقیعی گەنجو کتێب خوێندنەوە بۆتە پێویستی، ئەم پێویستیە لەوەدایە کە گەنج بەبێ کتێب یەکسانە بەبۆشاییەکی فیکریو رۆشنبیریو ئەمەش وای لێدەکات ناچار بێت لە هەر چاوگێکی ترەوە بێت خۆی پاراو بکات. بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو رایەداین کە دەبێ گەنج بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەر جۆرە لەمپەرو تێپەڕاندنی هەر بەربەستێك پەنا بۆ کتێب بەرێت، دیارە ئەم بۆچوونەش دەرەنجامی ئەو رەفتارو هەڵسوکەوتە نەرێنیو بێ پاساوانەیە کە لە گەنجان دەبینرێن.

ئەوەی بەڵگەنەویستە ئەوەیە کە گەنجی خوێنەر گەنجێکی بەتوانایە بۆ ژیان لەگەڵ سەردەمدا بۆ ئەوەی بەکارایی و بەرهەمهێنەرانە بمێنێتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی خاوەن کەسێتییەکی بەهێزە، تێبینییش دەکرێت کە گەنجی خوێنەر بەرادەیەکی زۆر بەشدارە لە بەهێزکردنی کەسێتی مرۆڤو بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەیو وێناکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی، بەشداریش دەبێت لە گەشەدان بەو ئاڕاستەو بەهایانەی لای گەنجان بەهەند زانراون.

کە دەشمانەوێ باس لە پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان گەنجو کتێب بکەین، پێموایە راستەوخۆ دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئەو پەیوەندییە، پەیوەندییەکی نێگەتیڤەو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە گەنج ئامادە نییە پەنا بۆ کتێب بەرێت کە بەباشترین هاوڕێی مرۆڤ دانراوە. هەر کەسیش دەیەوێت لەم بۆچوونە دڵنیا بێت، دەتوانێت لە نزیکترین خوێندکاری نزیك بەخۆی بپرسێت تا ئەو راستییە تاڵە بەگوێی ببیستێت. بەداخەوە لەو بارەیەوە ئامارێکمان لە بەردەستدا نییە، بەڵام دڵنیاین ئەگەر بکرێت رەنگە ئاماژەیەکی ترسناکی لێ بەدی بکەین. لەبەرئەوەی کە وتمان پەیوەندیی گەنج بەکتێبەوە نەرێنییە، ئەمە ناچارمان دەکات لە رەگو ریشەکانی ئەم دۆخە بکۆڵینەوە بەمەبەستی دانانی رێگەچارەی گونجاو. هەرچەند نەخوێندنەوە تەنها گرفتی گەنج نییە هێندەی ئەوەی گرفتی هەموو کۆمەڵگایەو جەخت کردنەوەمان لە توێژی گەنجان لەم بارەیەوە تەنها لەبەرئەوەیە ئەو توێژەن دەتوانن لەڕێی کتێبەوە بۆ گۆڕینی واقیعی کۆمەڵگا پشتیان پێ ببەسترێت.

*** لەبارەی کلتوری کتێبو ئینتەرنێتەوە:**

بێگومانە کە پێویستیمان بەهەردووکیان دەبێتو هیچ کەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات دەتوانێت دەستبەرداری یەك لەو دووانە بێت، چونکە هەریەکەیان سوودی خۆی هەیە وەك چۆن هەر گوڵێك بۆنی جیاوازی خۆی هەیە، گەرچی ئێمە پێمانوایە جیاوازی روون هەیە لە نێوان کەسێك رۆشنبیری تەنها لە ئینتەرنێت وەربگرێتو کەسێکیش توێشووی رۆشنبیریو مەعریفیی لە کتێبەوە وەربگرێت. راستە ئینتەرنێت زووتر زانیاری بۆ توێژەرو بەکارهێنەر دەستەبەر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین باشترین هۆکار نییە بۆ دەستەبەرکردنی بونیادێکی بەتینی رۆشنبیری.

زانراوە کە توێژەر بۆ دەستکەوتنی زانیاریی دیاریکراو لە ئینتەرنێتدا دەگەڕێت، بەڵام ناچار دەبێت لەسەر کاغەز چاپی بکات بۆ خوێندنەوەی ئەگەر بابەتێکی درێژ بێت. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم خاڵە دەڵێین: ئایا خوێنەر دەتوانێت بەجوانیو تێگەیشتنەوە رۆمانێکی(٥٠٠) لاپەڕەیی لە ئینتەرنێتدا بخوێنێتەوە؟

کەواتە دەتوانین بڵێین ئینتەرنێت ناتوانێت کتێب لە دەستی خوێنەر بسەنێتو هاوکات لەم سەردەمی زانیاریو شۆڕشی مەعریفەیەدا دەستبەرداری ئینتەرنێتیش ببینو پێمان وابێت تەنها کتێب بەس دەبێت. دەتوانین ئەوەیش بڵێین کە ئینتەرنێت یارمەتیدەر بووە لە برەودان بەکتێبو نەیتوانیوە جێگەی بگرێتەوە، بەڵکو هەر یەکەیان وەك ململانێی جارانی نێوان رۆژنامەو رادیۆ، سینەماو تەلەفزیۆن، پێگەی خۆیان پاراستووە.

(عەلی حەرب) ی بیرمەند خوێندنەوەیەکی بۆ کتێبی(ئیشکردن بەخێرایی هزر)ی (بێل گەیتس)ی خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کردوەو هاتووەتە ئەو بڕوایەی کە ئەزموونی بێل گەیتس گەواهیدەرە بەوەی کتێب هەرگیز بەهاتنە ئارای ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانو کلتوری ئینتەرنێت نامرێت. کەسێکی وەك خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە خەڵکی بەهۆی داهێنانەکانی ئەوەوە ترسیان لە تیاچوونی کتێب هەبێت پەنا بۆ کتێب ببات بۆ دەربڕینی ئەزموونەکەیو ئاسۆی پڕۆژەکانی، ئەمە مانای وایە کتێب نەمرەو کتێبی ئەلیکترۆنی ناتوانێت جێگای بگرێتەوە(بۆ بابەتەکەی عەلی حەرب بڕوانە :گۆڤاری العربی ژمارە ٤٩٥).

***دەرفەتە گەورەکانی بەردەم ئینتەرنێت:**

پێشتر ئاماژەمان بەو دەرفەتانە داوەو لێرەشدا تەئکید لە خێراییو ئاسانکاریی ئینتەرنێت دەدەینەوە کە خەسڵەتێکی گرنگە بۆ هەرچی زووتر سوودمەند بوونو گەیشتنی خوێنەر بەزۆرترین زانیاری لە زووترین کاتی بڵاوکردنەوەیدا. هەموو ئەو نووسەرانەی بەهۆی دواخستنی چاپکردنی کتێبەکانیانەوە لە دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەدا خوێنەرانیان لە کۆمەڵێك زانیاری بێبەری دەبن، دەتوانن بەبڵاوکردنەوەی لە ئینتەرنێتدا هەرچی زووترە ناوەرۆکی کتێبەکانیان بگەیێننە خوێنەران. وێڕای ئەوەی هەزاران کتێب بەهۆی ناوەرۆکیانەوە قەدەغە کراونو دەکرێن، لە کاتێکدا ئینتەرنێت ئەو کۆتەی لەسەر نییەو زۆر بەزوویی دەتوانرێت زۆرترین زانیاری بخاتە بەردەستی خوێنەران. بۆیە بوارێکی زۆر فراوانی پێشکەوتنو گەشەسەندنی بۆ مرۆڤایەتی رەخساندووە کە دەبێ لە پێناوی بڵاوکردنەوەی زانستو مەعریفەدا ئەم ئامرازە گرنگە بەگەڕ بخرێت.

*** چۆن هەستی مەعریفەخوازیو خوێندنەوە لای گەنجان گەشەدار بکەین:**

دەتوانین بەرەخساندنی کەشو هەوایەکی یارمەتیدەر بۆ راکێشانی بایەخی گەنجان بۆ سەرچاوەکانی مەعریفەو بەکارهێنانیان ئەو هەستە گەشەپێبدەین. ئەم بەرپرسیارێتیەش دەکەوێتە سەر هەریەك لە: خێزان، خوێندنگا، کۆمەڵگا، میدیاکانی راگەیاندن، دەوڵەت، بۆ نموونە:

– خێزانی خوێنەر لەتوانایدایە منداڵی خوێنەر بەرهەم بێنێت ئەگەر ژینگەی گونجاو لە نێو خێزاندا بڕەخسێنێت.

– خوێندنگا دەتوانێت خوێندکارانی هان بدات بۆ بەرەو خوێندنەوەو رۆشنبیر بوون ئەگەر ئیش بەمیتۆدێك بکات خواستی داهێنانو سۆراخ کردنی مەعریفە لای خوێندکار برەو پێبدات. واتە بەم میتۆدانەی ئێستا کە خوێندکار بەلەبەرکردنو لەبیرچوونو تەلقینەوە خەریك دەکات.

– کۆمەڵگەش بەهاوکاریکردنی مادیو مەعنەویی ئەوانەی لە کایەی رۆشنبیریدا ئیش دەکەن.

– میدیاکانی راگەیاندنیش بەلەخۆگرتنی برەودەران بەرۆشنبیریو دەوڵەمەندکردنی.

– دەوڵەتیش دەتوانێت ببێتە دایکی رۆشنبیریو سوود گەیاندن، یان نەزانیو زیان گەیاندنو واقیعی گەلانی دنیای سێهەم ببینەو حوکم بەسەر دەوڵەتانیدا بدە.

*** چۆن واقعی خویندنگاکان لەڕووی رۆشنبیرییەوە وەبەربێنین؟**

خوێندنگا بەگرنگترین پێگەی پێشخستنی لایەنی رۆشنبیریو مەعریفی دادەنرێت بە بەرهەمهێنانی مرۆڤی رۆشنبیرو کارا بۆ ئایندە. بەڵام ئاخۆ خوێندنگاکانی ئەم سەردەمەی ئێمە ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە؟

بێگومان دەتوانین بەنەرێ وەڵام بدەینەوەو هەر خودی دەرچووانی پەیمانگاو زانکۆکان گەواهیدەری ئەم وەڵامەن کە بەشێکی زۆریان تا رادەیەکی باش بێتوانان لە بەشداری دیالۆگێکی رۆشنبیری لە پرسە ئاساییەکانیشدا، بۆیە دتوانین بڵێین خوێندنگا لەو بوارەدا کەمو کورتیی هەیە. بۆ وەبەرهێنانی ئەو واقیعەیش دەکرێت چەند پێشنیارێك بخەینەڕوو کە ئیشیان لەسەر بکرێت:

– تەرخانکردنی خەڵات بۆ ئەو خوێندکارانەی زیاترین کتێب لە کتێبخانە دەخوازێت. باشتریش وایە پوختەیەك لە ناوەرۆکی ئەو کتێبانە بنووسنەوە کە دەیخوێننەوە، بەمەبەستی دڵنیا بوون لە ئاستی تێگەیشتنیانو هاوکات بۆ بەهێزکردنی شێوازی نووسینی ئەدەبییان.

– بەستنی کۆڕو سیمینار بۆ خوێندکاران لەو بوارەدا کە خوێندکار خۆی دیاریی دەکات.

– دانانی دیاری و خەڵات بۆ ئەو خوێندکارەی باشترین(وتار، چیرۆك، شیعر، پەخشان، شانۆیی) دەنووسێت لەسەر ئاستی خوێندنگاکەی.

– دەرکردنی بڵاوکراوەی رۆشنبیریو پەروەردەییو هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە باشەکان لە رۆژنامەکاندا.

– کارا کردنی کتێبخانەی خوێندنگاو ئاوەدان کردنەوەی بەکتێبو سەرچاوەی باش.

*** خوێندکار لە نێوان مەنهەجو کلتوری کتێبدا:**

کتێبی خوێندنی پەروەردەیی کە بەمەنهەج ناوبراوە، پێکهاتەی سەرەکییە لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندندا، بگرە تەوەری بەهێزکردنی دەستکەوتی زانستیو مەعریفیی خوێندکارو ئەڵقەی گەیەنەری خوێندکارو مامۆستاو خوێندکارو سەرلەبەری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە.

دیارە بەڵگەنەویستە کە ئەو مەنهەجەی پشت بەلەبەرکردن بۆ تاقیکردنەوە ببەستێت لە زەیندا نامێنێتەوە، بەپێچەوانەی ئەو زانیارییانەوە کە لەڕێی کتێب خوێندنەوە بەدەست دەهێنرێت. بێهوودەیی ئەو جۆرە مەنهجانەی خوێندن بۆ رۆشنبیرکردنی خوێندکار بەقۆناغە جۆراوجۆرەکانیەوە لە جیهاندا سەلمێنراوە.

کەواتە بۆ بەدیهێنانی مەعریفەو رۆشنبیری دەبێ هەر پەنا بۆ کتێب ببرێت، هەردوو جۆرەکەش تەواوکەری یەکترین.

**سەرچاوە/ ماڵپەڕی** (بيت الزهره).



# کتێبخانەی ئەلیکترۆنیو پاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزریی

و. گولستان سەعید

لەچەند ساڵی رابردوودا زۆرێك لە کتێبخانەی ئەکادیمیو تایبەتەکان لە رۆژئاوا لە هەوڵی گۆڕینی کۆنەکانیان بۆ کتێبخانەی ئەلیکترۆنی.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٥ ئەم کتێبخانانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەرکەوتن. کتێبخانەی ئەلیکترۆنی شێوازێکی نوێیە لە کتێبخانە، کە پشت بەئامێری تەکنیکی سەردەم دەبەستێ بۆ گۆڕینی زانیارییو داتا لە شێوازی کاغەزەوە بۆ شێوازی ئەلیکترۆنی، بەو ئامانجەی ئەم کتێبخانانە ئامێری تەکنیکی سەردەم بەگەڕ دەخەن لە پێناوی بەدەستهێنانی زۆرترین چالاکیو لێهاتوویی لە پەسیسەکردنی (تخزين) زانیاریو چارەسەرییەکانیو پاشان بڵاوکردنەوەیان. لە پێناوی بەدیهێنانی گۆڕانکاری بەشێوازێکی دروست لێکۆڵەران دەستیان کرد بەپشکنینو لێکۆڵینەوەی میتۆدو شێوازەکانی جێبەجێکردنی پێویست بۆ زامنی بەڕێوەچوونی تێپەڕاندنی کردارەکانی گۆڕانکاری بەئاسانی لە ناو گشت کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان، هەروەك تێپەڕاندنی گۆڕانکاری لە پێڕستی کارتەوە بۆ پێڕستە ئەلیکترۆنییەکان.

پسپۆڕان لەبواری کۆمپیوتەردا بڕیاریاندا بەدانانی پڕۆگرامی گونجاو بۆ وەرگرتنی پێداویستی کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدان بۆ گۆڕینی کتێبخانە بەرەو شێوازی ئەلیکترۆنی بۆ دوو ئامانجی سەرەکی بوو ئەوانیش بریتییە لە:

١–پاراستنی سەرچاوەکانی زانیاری لە کتێبخانە بەشێوازی ئەلیکترۆنی.

٢–رەخساندنی دەرفەت بۆ خوێنەران بۆ گەیشتن بەو سەرچاوانەی کتێبخانە، لەهەر کوێیەك بن.

لە راستیدا کارێکی ئاسان نییە بەڵکو کتێبخانەکان رووبەڕووی زۆر کێشە دەبنەوە، کە هەندێکیان پەیوەندی بەکاروباری تەکنیکییەوە هەیەو هەندێکی تریان گرفتی یاسایین.

١–کێشەی دارایی بۆ سەرچاوە زانیارییە ئەلیکترۆنییەکان.

٢–گرانی کڕینی نرخی ئامێرە تەکنیکییە پێویستەکان بۆ گۆڕینی شێوازەکە.

٣–داڕشتنەوەی یاسایی گرێبەستەکان کە لەگەڵ دەزگاکانی بەرهەمهێنانی زانیاریی لە کاتی بوونی بنەماکانی داتا (قواعد البيانات) یان سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانی زانیاری.

٤–پاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزری.

لێرەدا مەبەستمان پاراستنی مافی بڵاوکەرەوەو موڵکدارێتی بابەتە فیکرییەکانە. لەهەر کوێ پەخشکردنی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان لە ئامێز بگیرێ لەلایەن هەر ماڵپەڕێکی تۆڕەکانی ئینتەرنێت یان لە تۆڕە ناوخۆییەکان پێویستە کتێبخانە ئاگاداری خواستنو دابینکردنی وەڵامی داخوازییەکان بێت بەزۆری لەبواری لێکۆڵینەوەو توێژینەوە زانستییەکانو تەمەنی یاساییانو ئاگاداری مەرجەکانی بەکارهێنانی سەرچاوە زانیارییە ئەلیکترۆنیکان بێت. لەگەڵ چۆنێتی پاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزری لەسایەی ژینگە ئەلیکترۆنییەکەدا لەبواری چاپکراوی کاغەزیدا کێشەی یەك دانە کتێبی چاپکراو دەکڕێو سەر پشکە بەچەندان کەسی دەدات بەپرۆسەی "خواستن" هەموو کەس دەتوانن بۆ چەند جارێك دووبارە بیخوازن.

بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە خاوەنی بڵاوکەرەوەکە، خوێنەر کتێبەکە دەخوازێ پاش خوێندنەوەی دەیگێڕێتەوە بۆ کتێبخانە، تاکو کتێبخانە لەڕێی خۆیەوە بیدا بەخوێنەرێکی تر بەمەبەستی "خواستن ـ إعاره".

بەڵام لە کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکاندا، کارەکە تەواو جیاوازە، لێرە پرۆسەی "خواستن" بوونی نییە.

سوودمەند هەڵدەستێ بەدابەزاندنی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان لە سایتی کتێبخانەدا، بۆ سەر ئەو تۆڕەی کە خوێنەر خاوەنیەتیو کتێبخانە رێگەی داوە بێ سنوور سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانی لەلایەن سوودمەندانی دابەزێنن بۆ سەر تۆڕەکانیان.

ئەوانەی بایەخ بەپاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزری دەدەن، زۆر دەترسن لە سوودمەندان کە کارێکی ناڕەوا بکەن لە ونکردنی زانیارییەکانی دانەر "مؤلف" لە ناو سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکاندا یان بەدانانی ناوێکی تر لەجێی ناوی دانەر یاخود گۆڕینی بەشێك لە ناوەرۆکی بابەتە ئەلیکترۆنییەکە، یان زیادکردنو سڕینەوەی ناوەڕۆکەکە بەبێ ئاگاداریو ئارەزووی نووسەرەکەی.

بۆیە دەبینین ناوی نووسەرێك لەسەر بابەتێك یان هزرێك نوسراوە کە جیاوازە لە بیروڕاو قەناعەتی نووسەرەکە.

بابەتە ئەلیکترۆنییەکان بەخۆڕاییەو مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزریی ونە. هەروەها پێشبڕکێ لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەخۆڕایی دەکەن خەسڵەتی هەڵگرتنی بڕێکی بەرچاو لە دۆسیە ئەلیکترۆنییەکان کەدەقو وێنەو مەڵتی میدیاو پرۆگرام بگرێتەخۆ.

لە کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکاندا (دانەر) دووچاری سێ جۆر ناکرێ دەبێت:

١–دانەرو بڵاوکەرەوە.

٢–دانەرو خوێنەر

٣–دانەرو یاسا

www.azro-karim.maktoobbloy.com